# لادانی زمانی لە شیعری عەبدولخالق سەرسامدا

**ئاڤێستا عەبدولخالق عەزیز**
وەزارەتی پەروەردە
hoger.sardar@gmail.com

**نەوزاد وەقاس**
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
nawzad.saeed@su.edu.krd

**پوختە:**

پوختەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی لادان لە زمانی شیعری عەبدولخالق سەرسام و شیکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی. لادانیش یەکێکە لە بونیاتەکانی زمانی شیعری، هەر شاعیرێک ڕوودەکاتە شێوازێکی تایبەت لە بەکارهێنانی زمان کە دەبێتە لادانی زمانی لە هۆنراوەکانیدا. شیعر سیستەمێکە لە لادان وە هیچ شیعرێک نییە لادانی تێدا بەدی نەکرێت، بەڵام مەرجە لادانەکە هونەری بێت ، کە لە ڕێگەیەوە خوێنەر مانای نوێ و تازەی تێدا بەدی بکات. سەرسام هەوڵی داوە بە زمانێکی کاریگەر و پڕ مانا بنووسێت ، لە کۆی شیعرەکانی سەرسام لادانی ڕێزمانی تێدا بەدی دەکرێت کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیا خراونەتە ڕوو، وەک پاش و پێش خستن و دیاردەی قرتاندن و دیاردەی دابڕین و لێکردنەوە کە هاوکات میکانیزمەکانی لادانی واتاییش خراوەتە ڕوو پاشان ئاماژە بە ئەدگارەکانی وەک ڕەمز و جۆرەکانی و مەبەستە جیاوازەکانی دەکات و چۆن تەمومژی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. تەمومژی واتاییش قووڵایی بە شیعرەکانی سەرسام بەخشیوە و نووسینیش بە شێوەی ڕەمز زۆر زاڵە لە بەرهەمە شیعرییەکانی، کەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسی و حزبیی ئەو سەردەمە. ئەو سەرچاوانەی کە پشتی پێ بەستراوە لە لێکۆڵینەوەکەدا لە کۆتاییدا خراونەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** ( لادانی زمانی لە شیعر ، لادانی ڕێزمانی ، لادانی واتایی، ڕەمز ، شیعری هەمەجۆر )

**پێشەکی:**

لادان لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکان ، زۆربەی دەقە شیعریەکانی سەرسام لە لادان بەدەر نییە. ئەمەش لە ڕێگەی بە کاربردنی تواناکانی زمان. لادان لە زماندا بە واتای خۆنەبەستنەوە بە یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان ، سەرسام لە دەقە شیعریەکانیدا جێگۆڕکێ یان قرتاندنی دەنگ یان دیاردەی دابڕین پەیڕەو کردووە ، کە لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی زمانێکی نوێ و تایبەت بۆ خۆی دیاری بکات.

ڕەمزیش هونەرێکی تایبەتە کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخوڵقێنێ، بۆیە بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعردا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و کاریگەرە. سەرسام وەک شاعیرێک بە شێوەیەکی بەرچاو لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا ڕەمزی بەکارهێناوە و سوودی لە کەرەستە سروشتییەکان و کەرەستە ئاینییەکان وەرگرتووە ، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیر و زەمینە و سەردەمی شاعیر. بەکارهێنانی ڕەمز لەلای سەرسام تەنها شکاندنی یاسا و ڕێسای سینتاکسیەکان نەبووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و داهێنان و نوێخوازی و ئاڵۆزیی بارودۆخی حزبی و سیاسیی ئەو سەردەمە و دەربڕینی مەبەستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی.

**لادانی زمانی لە شیعردا:**

شیعر لادانە لە پێوەری ئاسایی زمان، واتا (( لادانە لە پێوەرەکان کە ڕێسا و یاساکانی زمان، هەموو وێنە و دیمەنێك و یاسایەك لە یاساکانی زمان یان بنەمایەك لە بنەماکانی زمان تێکدەشکێنێت)) (الولي والعمري، ١٩٨٦، ٦) .

لادان لە زماندا بە واتای خۆ نەبەستنەوە بە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان و لایەنی واتایی وشەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین شاعیر هەوڵدەدات لەو یاسایانە لابدات کە زمانەکە پێکدەهێنن.

شاعیر کە یاساکانی زمان تێکدەشکێنێت تەنها مەبەستی لادان نییە، بەڵکو مەبەستی زۆری لە دواوەیە، واتە شاعیر بەهۆی لادان لە زماندا داهێنان یا جوانکاری لە بەرهەمەکانیدا دروست دەکات تا جێگای سەرنجی خوێنەرانی بێت.

بەکارهێنانی زمان لەلای شاعیران بەجۆرێك دەبێت ((بەکارهێنانێك کە دەرچوون بێت لەو زمانەی کە ئاسایی و باوە)) (ویس، ٢٠٠٩، ٣٥).

هەر شاعیرێك لە ڕێگەی بەکاربردنی تواناکانی زمان، بە بەهرە و لێهاتوویی خۆی، لادان لە بنەما سەرەکیەکانی ڕێزمانی زمانەکەی دەکات و گۆڕانکاری ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات.

((زانایانی بواری ئەدەب و زمانناسان دوو مەرجی گرنگیان دەستنیشان کردووە، بە دەر لەو دوو مەرجە بە لادان دانانرێت، یەکەم: لادانەکە بەشێوەیەك بێت لە چوارچێوەی ڕێگە پێدراوی ڕێزمانی ئەنجام نەدرێت، دووەم: دەبێت لادانەکە سوودێك بگەیەنێت، چونکە لادان لە خۆیدا ئامانج نییە. بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر. کەواتە لادان نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام بدرێت، چونکە کەسایەتی و توانای شاعیر دەردەخا و دەبێتە شێوازی تایبەتی شاعیر)) (محەمەد، ٢٠١٦، ٨٩).

کەواتە مەرج نییە هەموو لادانێك کە لەلایەن شاعیران پەیڕەو دەکرێت بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، بۆیە پێویستی بە شارەزایی و توانایی و لێهاتوویی شاعیر دەبێت، بۆ ئەوەی دەقێکی تەواو و بەچێژ بەرهەم بهێنێت لە خوێندنەوەی دەقە شیعریەکانی سەرسام دوو جۆر لادانی تێدا بەدی دەکرێت ئەوانیش:

١- لادانی ڕێزمانی

٢- لادانی واتایی

**١- لادانی ڕێزمانی:**

مەبەست لەلادانی ڕێزمانی کە شاعیر ڕستە و دەستەواژەی وا بەکار دەهێنێ کەوا یاساکانی زمانی تێدا پەیڕەو ناکات ئەمەش هەندێ جار دەرچوونە لەم یاسایانە و دەبێتە خولقاندنی ڕستەی نارێزمانی، شاعیر ئەم شێوازە لە شیعرەکانیدا پەیڕەو دەکات و دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕستەی پێچەوانەی یاساکانی زمان، واتە بە لەبەرچاو نەگرتنی یاسا سینتاکسیەکانی زمان بەم جۆرە شاعیر ڕستەی شیعری

دروست دەکات. هەر وەکو ئاشکرایە ((ڕستەی شیعری بۆ خۆی شکاندنی شێوازی چنین و دارشتنی زمانی ئاساییە)) (تۆفیق، ٢٠٠٨، ١٤٣).

یاریکردن بە زمان و لادان لە یاسا و رێسای زمان، دەبێتە هۆی ئەوەی داهێنان لە دەقی شیعری بێتە بەرهەم. (( لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لادان پەیوەندی لەگەڵ داهێنان دەبەستێ، بەو پێیەی لەئەنجامی پرۆسەی لادان، داهێنان لە دەقدا بەرهەم دێ و لە ئاوێتەی لادان و هەڵئاوسانی زمانی شیعری و یاریکردن بە زمان لە هەموو ئاستەکاندا، داهێنان دەبینرێ و ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی دەقێ کە لە تەواوی دەقەکانی تر و پێدانی سیمایەکی تایبەتی وە سەخت خۆنیشاندانی دەقەکە لەلایەن وەرگر و فراوانیی واتا و جیابوونەوەی ڕەهەندی جۆراوجۆی واتا ، نوێبوونەوە و گیان بە بەرداکردنی دەق لەکاتی خوێندنەوەی زیاتریدا، چونکە خودی داهێنان بریتییە لە بەزاندنی باری ئاسایی و پشت ئەستووربوون بە ئیحا و تەمومژی واتا، کە وادەکەن بەهای وشە بەرز بێتەوە)) (خۆشناو، ٢٠١٠، ٢٥٠).

لادان بەچەمکێکی کاریگەری نێو بونیادی شیعر دادەندرێت ڕۆڵی لە زیندووکردنەوەی دەقی شیعری و چڕکردنەوەی دەربڕین و بەخشینی ئیحایەکی کاریگەری هەیە.

لە کۆی شیعرەکانی سەرسام چەندین لادانی ڕێزمانی بەدی دەکرێت، لێرەدا هەر یەکەیان بەشێوەیەکی جیا دەخەینەڕوو:

**١-١ پاش و پێشخستن:**

پاش و پێشکردنی ڕیزبەندی کەرەستەکانی نێو ڕستە، وەك بەشێك لە لادانی ڕێزمانی بەگشتی و لادانی ڕستەسازی بەتایبەتی دادەنرێ.

هەر زمانێك بەپێی یاسای سینتاکسی ئەو زمانە ڕیزبەندیی خۆی هەیە، پاش و پێشکردنی کەرەستەکانی نێو ڕستە لەلای شاعیرانی نوێخواز بەکارهێنراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە و هەست و سۆزی تایبەتی شاعیر خۆی، واتە چۆن ئەم دیاردەیە شاعیر پەیڕەوی دەکات لە شیعرەکانی.

((هەر لە کۆنەوە شاعیرانی کورد بەشێوەیەکی هونەری جێگۆڕکێ و پاش و پێشیان بە دانە و کەرەستە زمانییەکان لە بنیادی دێڕە شیعرەکانیاندا کردووە)) (کاکی، ٢٠١٢، ٢٣١).

بەهۆی دیاردەی لادان بینای هونەری سینتاکسی تێکدەچێ، ئەمەش لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە شێوەی ئاسایی نامێنێ و بە ئارەزووی نووسەرەکە دووبارە ڕیز دەکرێنەوە.

زۆر جار شاعیران ئەم کارەیان ئەنجام داوە تاوەکو جۆرە چێژێکی تایبەت و بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقە شیعریەکە ببەخشێت، هەروەها پێکهاتەیەکی نوێ و داهێنەرانە بێتە کایەوە، ئەگەر بڕوانینە شیعرەکانی عەبدولخاق سەرسام ئەم دیاردەی لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە بەو شێوەیە کە وشەیەك لە پێش وشەیەکی تر دەخات، لەو ڕێگەیەوە بۆ گەیاندنی واتایەکی بەهێزو نوێ و پڕ مانا، هەروەها شیعرەکەش چێژێك ببەخشێت، چەند نموونە لەم دیاردەیە کە لە شیعرەکانی بەرچاو دەکەون لێرەدا دەیخەینە ڕوو لەوانە:

بۆ نموونە شاعیر لەم شیعرە دەڵێت:

**لە کۆچەری وازدەهێنێ**

**شارنیش دەبێ ئەم بەهارە**

(سەرسام، ١٩٨٩، ٧١)

لەم پارچە شیعرەدا کاری ڕستەکە (شارنیش دەبێ) لە نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە، شاعیر لادانی لە ڕیزبەندیی کەرەستەکان کردووە. ئەمەش بەمەبەستی جەختکردنەوە لەسەر واتای شیعرەکە و تا زیاتر پیشانی خوێنەرانی بدات. یان بەو مەبەستەی شێوازێکی نوێ پەیڕەو بکات بۆ خۆشکردنی ئاواز و مۆسیقای شیعرەکە لە لای خوێنەران. کەواتە شاعیر لەبەر ئەم هۆکارانە ڕوو لەم دیاردەیە دەکات و پەیڕەوی لێ دەکات لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا.

لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

**وات کرد دیسان**

**کولیکە بدەم بەبێ نیسان**
**ئاگرت بەردا لە وشکایی**
**دەروونی من**

(سەرسام،١٩٨٩، ٧٧)

لەم پارچە شیعرە لە نیوە دێڕی دووەم دەبوایە لە بنچینەدا بەم شێوەیە بێت (بەبێ نیسان کولیکە بدەم) وە لە نیوە دێڕی سێیەمیش دەبێت بەم شێوەیە بێت (ئاگرت لە وشکایی دەروونی من بەردا) ئەم پارچە شیعرە لە دوو دێڕ پێکهاتووە لەهەردووکیان کردار پێش کەوتووە، هیچ شیعرێك خاڵی نییە لەلادان هەر بۆیە عەبدولخالق سەرسام توانیویەتی بەهرە و لێهاتوویی خۆی لەم بوارەدا بخاتە گەڕ و نیشانی خوێنەران بدات، زۆر بە جوانی و وریاییەوە پاش و پێشخستنی لە نێوان کەرەستەکانی زماندا کردووە، لە کۆی دەقە شیعریەکانی سەرسام ئەم شێوازە بەرچاو دەکەوێت کە یاساکانی زمان لە دەقە شیعریەکانیدا تێکشکاندووە، واتە لادانی (سینتاکس)یشی لە بەرهەمە شیعریەکانیدا پەیڕەو کردووە و بەکارهێناوە.

**١-٢ دیاردەی قرتاندن (لابردن):**

بریتییە لە لابردن و کرتاندنی دەنگێك یان زیاتر لە کەرەستەکانی ڕستە. شاعیر هەردەم هەوڵ دەدات گۆڕانکاری ئەنجام بدات تاوەکو زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات لە ڕێگەی قرتاندنی دەنگ ((دەنگێك یان زیاتر لە بینای دروستی وشە لادەبات)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ٢١٤).

شاعیر هەوڵ دەدات زۆرترین گۆڕانکاری ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بنیاتێکی تازە و نوێ بۆ دەقەکە دروست بکات، زۆر جار سەرسام ئەم لادانە لە سەرەتای وشە یان ناوەڕاست یان کۆتایی ئەنجام دەدات، بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی داهێنان دەکات، هەندێ جاریش ئەو لادانە بەمەبەستی ((سووککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لەسەر زمان. کە مەبەستیان هێنانەدی کاریگەرییەکانی زیاترە لەسەر خوێنەر)) (ئەحمەد، ٢٠١٠، ٥٢).

ئەگەر سەرنجی زۆربەی شیعرەکانی شاعیر بدرێت ئەم دیاردەیە دەبینرێت کاریگەری لەسەر ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە دروست کردووە و چێژێکی تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیوە، دیاردەی قرتاندن لە شیعرێکی دیکەدا لە ئاستی دەنگ بەدی دەکرێت وەك دەڵێت:

**لەگەڵ خدر**

**خدری زیندوو**

**ئێمە هەردوو**

**دۆستی ژیانی یەکتربابین**

(سەرسام،١٩٦٩، ٦)

شاعیر لە نێو دێڕی سێیەم لە وشەی (دوو) دا دەنگی (ك) ی قرتاندووە، چونکە لە بنەڕەتدا دەبێت بگوترێت (هەردووك) ئەگەر وردبینەوە لە کۆی شیعرەکانی شاعیر چەندین نموونەی تر بەرچاو دەکەوێت جگە لە دەنگی (ك) قرتاندنی دەنگی تریش بەرچاو دەکەوێت.

لە شیعرێکی تر شاعیر دەڵێت:

**تا بەهاری هەمیشەیی**

**لە ڕووی خاکا بەشینەیی**

(سەرسام،١٩٦٩، ٥)

لە نێو دێڕی دووەمدا وشەی (خاك) دەنگی (د) قرتاندووە، چونکە لە بنەڕەتدا دەبێت بگوترێت (خاك دا)، ئەم لادانە بنیاتێکی تازە و نوێ بۆ بەرهەمە شیعریەکەی دێنێتە کایەوە هەروەها زۆر جار جۆرێک لادان ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی سووککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکەیە لە سەر زمان.

وەکو دەڵێت:

**ئەی تۆ نەبووی ماران گەست بووی**

**بۆ لە پەتی برا کوژی ترست نییە**

**بۆ لە پەتی دیکتاتۆرا راناچەنی**

**مێژوو هەنگاو بەرەو پێشە**

**بۆ دووبارەی دەکەیتەوە**

**سەدان جارە هەڵخەڵەتای**

**خوا بتگری**

(سەرسام،١٩٩٦، ١٨)

لە نیوە دێڕی چوارەم دەنگی (ی) قرتێنراوە، لە وشەی (هەنگاو) بۆیە دەکرا بگوترێت (مێژوو هەنگاوی بەرەوپێشە)، ئەگەر بە وردی سەرنجی کۆشیعرەکانی شاعیر بدرێت، ئەوا قرتاندنی دەنگ بە پلەی یەکەم دێت، لە زۆر شوێن لە نێو دێڕە شیعرەکانی بەرچاو دەکەوێت ئەمەش تام و چێژێکی تایبەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە و کاریگەری لەسەر ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە دروست کردووە، هەندێك لەم وشانەی کە قرتاندنی تێدا بەدی دەکرێن لە شیعرەکانی سەرسامدا وەك. (منال، منداڵ)، (مالا، ماڵ دا)، (گەر، ئەگەر)، (لە دەمایە، لە دەمدایە)، (دلا. دڵ دا)، (یەکێ، یەکێك)، (کرد، ئەکرد).

**١-٣ دیاردەی دابڕین و لێکردنەوە:**

ئەم دیاردەیە لە شیعر بەرچاو دەکەوێت، هەست بە وەستانێك دەکەیت لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە، شاعیر ئەم دیاردەیە لە بەرهەمە شیعریەکانیدا پەیڕەو دەکات بۆ بەخشینی لە واتایەك زیاتر، لەم جۆرە ڕستانەدا نیشانەی وێرگول (فاریزە) لە ڕووی خاڵبەندییەوە بەکار دەهێنێت، بۆ بەستنەوەی ئەو دێڕانەی ڕستەکە بەسەریان دابەشکراوە. لای شاعیر ئەم جۆرە دیاردەیە بەشێوەیەکی زۆر لە شیعرەکانیدا بەرچاوە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

**ئەو دڵەی پڕ لە هیوامە**

**یا نامە...**

**بۆ گۆرانی...**

**بۆ ژیانی.... پڕجو انی**

(سەرسام،١٩٦٩، ٦)

لەم پارچە شیعرەدا (یا نامە... بۆ گۆرانی.. بۆ ژیانی... پڕ جوانی) دابڕان و لێککردنەوەیەکی تێدا دەبینرێت، زۆر بە ئاسانی خوێنەر هەست بەم جۆرە دیاردەیە دەکات، لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە وەستانێك دەکات. هەر وەستانێک مەبەستێکی بە هێزی لە دواوەیە . شاعیر ئەوەی نەیتوانیوە بە ئاشکرا دەری ببڕێت ئەوە لەو ڕێگەیەوە ڕێگە بۆ خوێنەر خۆش دەکات و خەیاڵی رادەکێشێت بۆ پرسیار و لێکدانەوە و راڤەکردن بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لای شاعیر زیاتر مەبەستی سیاسی لە دواوەیە.

لە شیعرێکی تریشدا بەهەمان شێوە، شاعیر ئەم جۆرە دیاردەیەی بەکار هێناوە، هەر وەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

**یەکەم جارە من لە سەرووی**

**ڕووناکەیی و تارستانا**

**دێم و دەچم**

**سنوورەکان... دەقرتێنم**

**تەمەن دەڕوا بە دوای شوێنم**

**خاڵ بە توندی.. وەك مافوورێ**

**لە ژێر پێما ڕادەکێشرا...**

**بەرەو دواوە..**

(سەرسام،١٩٨٩، ٦٣)

سەرسام لەم پارچە شیعرە و کۆی شیعرەکانیشی بەشێوەیەکی زۆر خاڵبەندی بەکارهێناوە، ئەمەش ئەم دیاردەیە لە شیعری نوێ و لەلای شاعیرانی نوێخواز زۆر بەدی دەکرێت، شاعیر گرنگییەکی زۆری بە وشەی مانادار داوە هەردەم بە دوای وشەی جوان و وشەی خەیاڵاوی و پڕ مانا و ئاوازداردا گەڕاوە. بۆیە دەبینین مامەڵەکردنی سەرسام لەگەڵ زمان مامەڵەیەکی تایبەتییە، لەبەر شارەزایی لە بواری زمانەوانیدا ئەو توانایەی پێ بەخشراوە، کە ئەو جوانکاری و داهێنانە نوێیانە لە

ئاست چنینی ڕستەییدا کار بکات. هەروەها توانیویەتی زۆر بە لێهاتوویی و وریایی مامەڵەیەکی هونەرمەندانەی شیعری لەگەڵ دیاردەی لادان بکات.

کەواتە ئەم دیاردەیە زۆر بە ئاسانی خەیاڵی وەرگر ڕادەکێشێ بۆ پرسیار و بە دواداچوون، زۆر جار پەنا دەباتە ئەم جۆرە لادانە لەبەر هەر هۆکارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت، کە خوێنەر دەخاتە حاڵەتی لێکدانەوە و بیرکردنەوە و لەهەمان کاتیشدا خوێنەر بخاتە حاڵەتێکی تایبەتی و چێژی لێ وەربگرێت.

**٢- لادانی و اتایی:**

لە بواری زماندا شاعیر کاتێك لە بواری یاساکانی ڕێزماندا لادان ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بە زمانێکی تایبەت پڕ لە وشە و زاراوە و هێما وێنەی شیعری جوان پیشانی خوێنەرانی بدات. لە هەمان کاتیشدا لادان لەو واتایانەش دەکات کەرەستەکان دەیگەیەنێت. لادانی واتاییش لە ڕەمزدا خۆی دەنوێنێت.

**ڕەمز لە شیعری عەبدولخالق سەرسامدا :**

ڕەمز ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیاتی هۆنراوەدا. بەکارهێنانی ڕەمز مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدە کۆنەکان، هەر لە سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤەوە وەك شێوازی دەربڕین بەکار هاتووە، بەلای هونەرمەندان لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تایبەتی بەکار دەهێنرا، یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر. ((ڕەمز زەمینە بۆ شاعیر خۆش دەکات وەك دەمامك بەکاری بێنێ بۆ مەبەست و تێڕوانینە تایبەتیەکانی خۆی، لەبەر هەر هۆیەك بێت، ناتوانی بەسەربەستی و بەئاشکرا دەریان ببڕێت)) (مەحمود، ٢٠٠٧، ١٦٩).

بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبی کوردیدا لە بواری شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە شیعری نوێ بەشێوەیەکی فراوانتر بەرچاو دەکەوێت.

((بارودۆخی ژیانی کورد یارمەتیدەرێکی زۆری ئەم دیاردەیە بووە کە هۆکارەکانی باری رامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد کۆمەڵگای کوردی هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ بەکارهێنانی ئەم هونەرە و تەنها ڕێگاشە بۆ شاعیران بتوانن ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی

کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەربڕن و سەرەڕای لایەنە ئیستاتیکیەکەی شیعر پێویستی بە پەردەیەکی شاراوە و پڕ لە ڕەمز هەبوو)) (حەمەد،۲۰۰۲، ۸۰).

واتە کاتێ شاعیر ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لە شیعرەکەیدا بەکار دەهێنێت، وەکو ڕەمز دوو واتایان هەیە یەکێکیان ئاشکرایە ئەوەی تریان نادیار و شاراوەیە.

شاعیر کاتێ پەنا دەبات بۆ بەکارهێنانی ڕەمز، ئەمەش بەمەبەستی ئیستاتیکی یان کۆمەڵایەتی، یان مەبەستی سیاسی بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕای خۆی و خۆپاراستنی لە زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتداران، واتە هەر کاتێك شاعیر نەتوانی بە ئاشکرا دەریببڕێت پەنا بۆ ڕەمز دەبات و بەکاری دەهێنێ، هەندێ جار تەمومژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەندێ جاریش ئەو ڕەمزانە ئاسان و ڕوونن.

((مەزراندنی ڕەمز لە نێو دەقێکی ئەدەبیدا، جۆرێکە لە سازدانی پردێکی پەیوەندی لە نێوان دەق و وەرگر، بەشێوەیەك ڕەمز بەهۆی پەردەپۆشکردنی زمانی ڕاستەوخۆ، خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە، لە هەمان کاتدا ئەو بیرکردنەوەیە سەر دەکێشێ بۆ بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگردا، چەندی مەزراندنەکە هونەرتر بێ, کاریگەرییەکە بەهێزتر دەبێ)) (خۆشناو، ۲۰۱۰، ۲۰٦).

لە شیعردا وشەیەك دەبێتە (ڕەمز) هێما- سیمبۆل - کە بە ئەرێنی هاتبێت لە پێکهاتەی شیعرەکەدا، ئەو ڕەمزە وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە نێو دێڕەکانی شیعرەکەدا دەدرەوشێتەوە و لێکدانەوە و بە دواداچوونی بۆ دەکرێ، جا ئەم سیمبۆلە ناوێکی مێژوویی و ئەفسانەیی بێت، یان ئەویندارێکی وەفادار، یان ناوی کەسێکی شۆڕشگێڕ و ناودار بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بڵێین ئەم وشەیە جێگای وەستانێکە، کە ناوی بەرچاو دەکەوێت یان گوێمان لێ دەبێت لە نێو دێڕەکانی شیعرێکدا، چونکە ئەو کاتە ئەم وشەیەی کە دەبێتە (ڕەمز) دەبێ ببێتە وشەیەکی بە پێز و هێزدار بۆ ئەوەی هۆش و فیکری خوێنەر زۆر بە ئاسانی رابکێشێت، لێکدانەوە و بە دواداچوونی بۆ بکات واتە بۆ ئەو ڕەمزانەی کە لە یەك وشەدا خۆی دەبینێتەوە.

لەو ڕووەوە کە ڕەمز داپۆشەری بیرێکە لە چوارچێوەی وشە، یان دەربڕینێکیدا، ڕەمز لە نێو شیعر گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بریتییە لە وشەیەك، یان دەربڕینێك، کە واتای فەرهەنگی خۆی دەبەزێنێ و بۆ واتایەکی تر بەکار دێ، شیعری ڕەمزی داهێنانێکی خودییە، واتە ڕەمزی داهێنانی تایبەتی نووسەرە و بەرهەمی خودی نووسەرەکەیە لە ئەنجامی ئەزموونی نووسین، بەم جۆرەش دەبێت خوێنەر لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدابێ، ئەو کاتە دەتوانی کلیلەکانی کۆدی دەق، ڕەمزە خودییە تایبەتییەکەی شاعیر بکاتەوە، شاعیر لە کاتی دانانی شیعرەکەی کە زمانی ئاسایی نەیتوانی بارە دەروونییە حەشاردراوەکانی بگوێزێتەوە، ئەو کاتە شاعیر ڕوو دەکاتە ڕەمز.

زۆری بەکارهێنانی ڕەمزیش مەودای فراوان دەخاتە بەردەم شاعیر و ئاسانکاری بۆ شاعیر دەکات، بۆ ئەوەی بەسەربەستی و بەبێ بەربەست و ترس، ئەوەی هەستی پێدەکات و لە دەروونی پەنگی خواردووە، کە ناتوانێ بە ئاشکرا دەری ببڕێت، ئەوا لە ڕێگەی ڕەمزەوە دەیخاتە ڕوو، عەبدولخالق سەرسام وەك شاعیرێکی نوێخواز ژمارەیەکی زۆری ڕەمز لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، کە هەر یەکەیان مەبەست و تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی هەیە، کە خەیاڵی ئەو ڕەمزانەش خوێنەر ڕادەکێشێ و دەیخاتە حاڵەتی پرسیار یان بەدواداچوون.

دەتوانین بڵێین شاعیر زۆربەی شیعرەکانی بەشێوەی ڕەمز دەربڕیوە، بەڵام ئەمە زیاتر لە کتێبەکەی (لە لێواری گەردوون) بەرچاو دەکەوێت، کە لە ساڵی ١٩٨٩ کەوتە بەردەستی خوێنەرانی. شاردنەوەی ڕوونی دەقە شیعرەکانی کە هەر یەکەیان مەبەست و تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری و ئاڵۆزی سیاسی حزبی ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێدا ژیاوە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدرێتە کۆی شیعرەکانی ئەوە تەمومژیەك بە بەرهەمەکانییەوە دیارە، ئەمەش خوێنەر دەخاتە حاڵەتێکی بیرکردنەوە و خەیاڵ و لێکدانەوە، لە هەمان کاتیشدا چێژێکی تایبەتی بە دەقە شیعریەکە دەبەخشێت.

بەشێکی شیعرەکانی سەرسام دەگەڕێتەوە بۆ هەستە نەتەوایەتی و کوردپەروەری و خۆشەویستیی خاك و نیشتمانەکەی کوردستان کە شادەمارەکانی شاعیر بوو. هەموو ئەم هەستە نەتەوایەتیانەی شاعیر، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی دەقە شیعریەکانی بە شێوەی (ڕەمز) دەربېرێت.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و حزبی بە پلە یەك کە زۆربەی شاعیرانی ناچار کردووە. کە شیعرەکانیان بە شێوەی ڕەمز دەربېڕن، گرنگترین ئەو ڕەمزانەی کە لە لای عەبدولخالق سەرسام بەکار هاتوون ئەمانەن:

**١- کەرەستە سروشتییەکان:**

زۆر لەلایەن شاعیران بەکارهێندراون. چونکە باشترین و گونجاوترین کەرەستەی ڕەمزین، لە دێڕ و بەیت و ڕستەکانی هەر بابەت و تێکستێکدا لە دەربڕین و ئاماژەکاندا هێماکانی بە وشەیەکەوە دەردەکەوێ، وشەیەك ڕێنمایی دەکات بۆ جێگایە شاراوەکان، بۆ ئەوەی کۆدی قوفڵە داخراوەکان واتە ڕەمزەکان بکاتەوە، سەرسام توانیویەتی سوود لەم کەرەستە سروشتیيانە وەربگرێت و، داهێنان و ئەفراندنی خۆی بخاتە سەر و بیگەینێتە بەردەستی خوێنەرانی، ئەو کەرەستانەی کە سەرسام لە شیعرەکانی بەکاری هێناون بریتین لە:

**١-١ (ڕووبار):**

وشەیەکی زیندووە، لە ڕۆیشتن و شەپۆڵدان ناکەوێ و دەنگ و ئاوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، (ئاو) جیهانێکی بزوێنەرە و هەمیشە لە جووڵەدایە، بەڵام وشەی (ڕووبار) لەوانەیە بە چەند جۆرێك لێکدانەوەی بۆ بکرێن، بۆ نموونە (ئاوی پاك و ڕوون) بە مانای خۆشی و شادی، یان (ئاوی لێڵ و شێلوو) مانای خەم و کارەسات)، عەبدولخالق سەرسام وشەی (ڕووبار) لەم پارچە شیعرەی خوارەوە وەکو (ڕەمز) بەکاری هێناوە بە مانای (هێز) و (توانا)، کە هەموو شت رادەماڵێ و لە ناوی دەبات تەنها ئەوانە نەبێت کە ڕەگیان بە هێزە و لە خاك چەقیون. بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**بوو بەلافاو**
**ڕووباری بەردێیەکەمان**
**وەك جەجاڵی بەهەرا بوو**
**هەموو شتی ڕادەماڵی**
**تەنیا ئەو دارانە نەبێ**
**ڕەگیان لە خاك داکوتابوو**

(سەرسام،١٩٩٦، ١٤)

لەم پارچە شیعرە ڕووبار وەکو ڕەمز شاعیر بە کاری هێناوە، واتە هێزێکی گەورە و بە توانا، کە هێزی گەلە ئەوەی دێتە پێشی ڕایدەماڵێ تەنها ئەوانە دەمێنێتەوە کە عاشقی وڵات و نیشتمانن، واتە خیانەتکاران لەناو دەبات و ڕایاندەماڵێ، کەواتە ئەم هەڵبەستە مەبەستێکی سیاسی لە دواوەیە ئەوەی شاعیر نەیتوانیوە دەری ببڕێت لێرەدا بەشێوەی ڕەمز خستیتیە ڕوو. هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

**مەلە ناکەم.. تا ڕووباری ڕۆژگارەکان**
**لە یەك نەدەم**
**مەلە ناکەم- ئەی شەپۆلە پرچ سپیەکە**
**تا تێت نەکەم**

(سەرسام، ١٩٨٩، ٦٨)

بێگومان شاعیر مەبەستی یەك پارچە بوونی خاکی کوردستانە، واتە مەلە ناکات تاوەکو گشت پارچەکانی خاکی کوردستان یەك نەگرێتەوە و رزگاری نەبێت لە دەستی دوژمن، کەواتە (ڕووبار) مەبەستی خاکی (کورد) و مافی کوردە، مەبەستێکی سیاسی لە دواوەیە شاعیر بە ڕەمز دەریبڕیوە.

لەهەمان کاتیشدا بۆ دەربڕین و گەیاندنی هەواڵێکی خۆش بە دەوروبەری وشەی (ڕووبار)ی لەم شیعرە بەکارهێناوە و دەڵێت:

**بەجۆگەلە و ڕووبار بڵێن**
**بە چیمەن و گوڵزار بڵێن**
**بەکانی و بەرد و دار بڵێن**

**نەورۆز بەڕێ کەوت وا دەڵێن**
**خۆشەویستی دابەش ئەکا**
**دێو و دڕندە با هەڵێن**

(سەرسام، ١٩٨٩، ٣٧)

لەم پارچە شیعرە وشەی (ڕووبار) کە سەرچاوەی ژیانە جوانیی خۆی هەیە، ئومێد بەخشە و دڵڕفێنە، ڕووبار هەمیشە سرنجڕاکێش و زیندووە و لە ڕۆیشتن ناکەوێ و شاعیر بەمەبەستی (ڕەمز) وشەی ڕووباری بەکار هێناوە، واتە هەواڵی خۆش و ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز بە گشت جیهان ڕابگەیەنن ، ڕووبار مەبەستی دۆست و حەزانی میللەتی کوردە، بەتایبەتی شۆڕشگێڕانی ناو شاخ و دۆڵەکان پێیان ڕابگەیێنن کە میللەتی کورد ئاهەنگی نەورۆزی بەڕێ کرد و بەدیهێنانی ئاواتی کورد نزیك بووەتەوە. دێو و دڕندەش هەڵێن، واتە ناحەز و دوژمن نەبنە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەمی میللەتی کورد، با دەرچن و هەڵێن.

**١-٢ هەور:**

سەرسام لە هەندێك شوێن لە شیعرەکانیدا بۆ ناخۆشی و ترس و خەفەت وشەی (هەوری) وەکو ڕەمز بەکار هێناوە، بەڵام لەم پارچە شیعرەی خوارەوە شاعیر دەنگی هەور و تریشقەی، ئاسمان ئەلەرزێنێ کردووە بە ڕەمز، دەڵێت:

**کیژی شەمێ...؟! لە کانیاو و بەراوی تۆ**
**پایز نییە و دارپرچی خۆی دەرنێتەوە**
**دڵی شاعیر دەتەزێنێ**
**تریشقەی هۆڕی بەبێ هەور**
**دڵی ئاسمان دەلەرزێنێ**
**برووسکە...؟! هێڵی ئاسنینە**
**شارە زەنگە سوورەی مردن**
**لەگەڵ خۆیا دێنی و دەبا**

(سەرسام، ٧٥، ١٩٨٩)

شاعیر شیعرێکی زۆر کاریگەر و بەهێزی خوڵقاندووە و کاتێ دەڵێت: (تریشقەی هۆری بەبێ هەور)، مەبەستی دەنگی گەورەی تۆپ و تفەنگی ڕژێمە و بارودۆخی کوردستان و مامەڵەکردنی دەوروبەر و ڕژێمی عێراق و تێکدانی گوند و ماڵی کوردان، ئاوارەبوون و کوشتن و بڕین و مردن، کەواتە ئەم هەڵبەستە مەبەستێکی لە دواوەیە، مەبەستی (کورد) و کوردستانە، خەبات و شۆڕش لەلایەك و لەلایەکی تریش زوڵم و زۆرداری ڕژێمی بەعس، ناخۆشی وێرانکاری ئەمانە هەمووی شاعیر بە ڕەمز لەبەر هۆکاری سیاسی ئەو سەردەمە دەریبڕیوە.

لە کۆتایی شیعرەکە شاعیر نائومێد نابێت و باوەڕێکی پتەوی بە دواڕۆژی کورد و مافەکانی کورد هەبووە، کە لە داهاتوو میللەتی کورد بگات بە ئاواتەکانی. سەرسام عاشقی نیشتمان و وڵات و هەمیشە خەمخۆری نەتەوەکەی بووە.

لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

**شای مێرووڵان، بە شارەوە لەگەڵیا بوو**
**هەرهەورێ هات هەرحەزیا بوو**
**خوێنی ئەبرد.... بارانی لێ دروست ئەکرد**
**بۆ ئەم داهێنانە سەیرە**
**ئەوەی کەوا قرژاڵ ئاسا**
**بەبێ خوێن بوو بەبێ ڕوو بوو**
**کرنووشی برد**

(سەرسام،١٣،١٩٩٦)

کاتێ شاعیر دەڵێت (هەورێ هات هەر حەزیا بوو) واتە دوژمن و خوێن ڕشتن و کارەسات بەرێوەیە، لەم پارچە شیعرە (هەور) بە مانای دوژمن دێت، حەزیا بوو خوێنی ئەبرد، کەواتە (حەزیا دەهات) دوژمن دەهات و هەمووی لەناو دەبرد و (خوێنی دەبرد) واتە مردن و قوربانی، کەواتە شاعیر ناچارە لەبەر زۆر هۆکار دەقە شیعرەکانی بەشێوەی ڕەمز دەربڕێت، بەم جۆرەش شاعیر سەربەستی تەواو دەبێت. بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامی.

**١-٣ ئاسمان:**

لە ئەدەبی ڕەمزیدا زمان زیاتر بەشێوەی هێماکردن بەکار دێت بۆ هزرێك و ئایدیایەك، واتە ناڕاستەوخۆ ئەرکەکە دەبینێ. ئاسمان لە کۆی شیعرەکانی سەرسام زۆر بەکار هاتووە و بەرچاو دەکەوێت، (ئاسمان) ڕەمزی (هێز) و (توانا) و دنیا و جوانی و پاك و بێگەردییە، (ئاسمان) شوێنێکی پیرۆزە و شاعیر لەو شیعرەی خوارەوە بەشێوەی ڕەمز بەکاری هێناوە.

بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**هەور دەبوو بەجۆتێ باڵ**
**ئاسمان ئەبوو، بەهاو پشتم**
**پەت پەتێنم بەهاوین و زستان ئەکرد**
**بۆ ڕۆژ ئەچوومە خوازبێنی**
**بەحەسرەت بوو مانگی ڕووگەش بمدوێنی**

(سەرسام،١٩٨٩،٥٢)

لێرەدا (ئاسمان) ڕەمزی هێز و توانایە، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە هێزێکی گەورە بووە بە هاوپشتی بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمن و نا حەزان، لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**مەبنە دووکەڵ لە ئاسمانی وڵاتەکەم**
**ڕۆژ لە کاری خۆی ناکەوێ**
**شەو هەر چەندە تەمەن درێژ بێ**
**ڕووبار دەڕوا**
**گوڵ شین دەبێ**
**با ناسرەوێ**

(سەرسام،١٩٩٦، ٢)

واتە مەبەستی شاعیر ترس لە دەوڵەتانی دەوروبەر بوو، لەو کاتانەدا، کۆبوونەوە و جموجووڵێکی نەپچڕاویان کرد. لەسەر مەسەلەی کورد، بەمەش

زەمینەی شەڕی براکوژییان خۆش کرد. وشەی (ئاسمان) ڕەمزە بۆ پاکی و بێگەردی و خۆشی و ئارامی، کەواتە شاعیر خاوەن وڵاتێکی پاك و بێگەرد و ئارامە کە دەڵێت (مەبنە دووکەڵ لە ئاسمانی وڵاتەکەم)، شاعیر داوا دەکات (دوژمنان نەبنە دووکەڵ ئاسمانی پاك و جوانی وڵاتەکەی پیس و شێلوێ نەکەن و ئارامی تیا نەمێنێ).

**١-٤ پایز:**

سەرسام (پایزی) وەکو ڕەمز بەکار هێناوە، (وەرزی پایز) وەرزی هەڵوەرینی گوڵ و زەردبوونی گەڵا و ڕووتبوونەوەی دار و درەخت و کۆتایی و مردن و لەناوچوونە، سیسبوونی سروشت و سەوزاییە. کەواتە (پایز) لای شاعیر بووە بە (ڕەمزی) خەم و ناخۆشی و نائومێدی و کۆتایی تەمەن و پیری. دەڵێت من خاوەن جیهانێکم بێ پایزە، تەنها وەرزی بەهارە،

لەم شیعرەدا دەڵێت:

**خۆشەویستم**
**هەموو شتێ نارەوا یە**
**من خاوەنی جیهانێکم**
**لەم جیهانە گەورەترە**
**جوانترە... بێ پایزە**
**کانی بەهاری تێ زایە**

(سەرسام،١٧،١٩٨٩)

کەواتە شاعیر مەبەستی وڵاتێکە کە هەردەم بەهارە، وڵاتەکەی هێندە لا پیرۆزە هەر چوار وەرزی بەهارە و خۆشییە و بێ پایزە، بێ خەم و ناخۆشی و مەرگە، سەرەتای ژیانە و دوورە لە نائارامی و ئازار.

هەروەها لە شیعرێکی تریشدا دەڵێ:

**لە دەوری چوار کتێبەکان**
**بەهۆش و بیری کفناوی**
**بەووشەی ئیسکی دارێژراو**

**بە دەنگی بای پایزێکی بەبێ هەتاو**

**منیان دوو اند**

(سەرسام،١٩٨٩،١٩)

شاعیر بۆ دەربڕینی حاڵەتێکی تایبەتی کە کۆتایی بە ژیان دێت، (پایز)ی کردووە بە ڕەمز بۆ تەواوبوونی تەمەن و مەرگ و مردن، پایز بەرگێکی زەرد دەکاتە بەر سروشت، بۆیە مرۆڤ هەردەم (حەز بە پایز ناکات و زۆربەی شاعیران لە شیعرەکانیان وشەی (پایز) وەکو ڕەمز بۆ مەرگ و ڕەشبینی و هەڵوەرینی پەلك و ئاوابوونی تەمەن بە کاردەهێنن، لێرەوە شاعیر باسی خۆی دەکات و لە کۆتایی ژیان، کە دەڵێت منیان دوواند بە دەنگی بای پایزێکی بە بێ هەتاو، وەرزی پایز پێچەوانەی وەرزی بەهارە کە سەرەتای ژیان و خۆشییە.

**١- ٥ گەردەلوول و ڕەشەبا:**

شاعیر ڕەشەبای وەکو ڕەمزی زوڵم و زۆرداری و هێزێکی خراپەکاری وێرانکاری لە شیعری هەرەسی ناخ بە کارهێناوە ، (ڕەشەبا) لە چەند شوێنێك لە شیعرەکانی سەرسام بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لەم شیعرە دەڵێت:

**چەند سامناکە بز انی**

**گەردەلوول دێ و لە پێش چاوی بێ**

**دەست و پێی بێ تو انای مناڵەکانی**

**چۆن لوول ئەدا**

(سەرسام،١٩٩٦، ٢٥)

وشەی (گەردەلوول) یان (با) وشەیەکی جوولەدار و زیندووە لەکار ناکەوێ و فرە دەلالەتە، هەندێك جار ناشرینە و جاری واش توندە یان هێمنە یان فێنکە، بەڵام کە شاعیر دەڵێت: (گەردەلوول دەست و پێی بێ توانای مناڵەکان چۆن لوول ئەدا) کەواتە گەردەلوولێکی هێزدارە، دوژمنە کارەسات و وێرانکاری و قوربانیدانە.

هێزی خراپەکارانە، لە پێش چاوان هەمووی لوول دەدات و تەفروتوونای دەکات و لەناوی دەبات.

شاعیر خۆشی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت:

((ئەم هەڵبەستەم (ڕەمزیە)، لە دوای کارەساتی هەڵەبجە نووسیم، وشەی (گەردەلوول) مەبەستم کیمیابارانەکەیە چۆن ماڵ و مناڵی لوول ئەدا))، کەواتە شاعیر ئەم شیعرەی بۆ مەبەستێکی سیاسی نووسیوە، ئەو کاتە لەبەر ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتداران بەشێوەی ڕەمز دایڕشتووە.

گوزارشت لە ناخۆشی و کیمیابارانی تراژیدیا و کارەساتی هەڵەبجە دەکات. سەرسام لە کۆتایی شیعرەکە باسی دەکات و ڕەمزەکانیش یەکە یەکە شی دەکاتەوە ، لە (هەرەسی ناخ) شاعیر دەڵێت:

**هەرەسی ناخ**
**دەنگی موسیقایێکی قووڵ لە**
**ناخمەوە سەرهەڵئەدا**
**وادێ لە دوور لە ناخی دوور**
**بەقەد دووری گەلاوێژی بەیانییێکی چاو پڕ ترس**
**تەزوو ئەدا لە ئاسمانی کەوە**
**ڕۆژی گیانی منی سڕ و سەرسام**
**هەر دەنگێ دێ و نابڕێتەوە**
**زمانێکی گەردوونیە و تێشی ناگەم**
**- - - - - - - - - تاد**

(سەرسام،١٩٩٦، ٢٥)

عەبدولخالق سەرسام دەڵێت (( ئەم هەڵبەستەم لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٩٧٣ی بەرواری ١٩٨٨/٥/٩ بڵاوکرایەوە..

ئەم هەڵبەستە (ڕەمزی)یە لە دوای کارەساتی هەڵەبجەم نووسیوە، گەر لێی وردبیتەوە هەست بە سیما و خەم و گریان و ناڵین و هەرەسی ناخ و ڕەمزەکانی دەگەیت، ئەمەش هەستی هەموو میللەتی کورد بوو بە تایبەتی ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەنفالچییەکاندا بوون. مێژووی بڵاوکردنەوەشی نزیکە لە مێژووی

کارەساتەکە، لەم شیعرەدا باسی ژیان و نهێنی ژیان دەکەم، پاشان کە چۆن وەك بێ دەسەڵاتێك ئەم ژیانە کەوتۆتە دەست گەرووی درندەییکی نادیار، (گەردەلوول) کە مەبەستم کیمیا بارانەکەیە چۆن ماڵ و منالی لوول دا و ئێمەش بێ دەسەڵاتانە سەیرمان دەکرد، وەك چۆلەکەییکی باڵ شکاو و قاچ شکاو کە نەماندەتوانی تەنانەت خۆشمان ڕزگارکەین. پاشان لە هەڵبەستەکە دێمە سەر نهێنیی ژیان و قوربانی ئەو گیانانەی پەرت بوون بەسەر وڵات بەسەر گوڵ خونچە گوڵزار، پاشان نەمری ئەوانە وەك خدری زیندوو...)) (سەرسام،١٩٩٦ ، ٢٧).

**١-٦ چیا/ شاخ:**

عەبدولخالق سەرسام لە شیعری (هەرکەوان) شاخ وەکو (ڕەمز) بەکارهێناوە، کە لەم پارچە شیعرە شاخ بووەتە ڕەمزی پێشمەرگە، واتە شاعیر لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە شیعری (هەر کەوان)ی بە ڕەمز داڕشتووە.

هەر کەوان شاخێکی پان و بەرینە، کە شاعیر باسی دەکات لە شیعری هەرکەوان مەبەستی پێشمەرگەکانی ناو شاخەکانە، کەواتە شاعیر هاتووە شیعرەکەی بەناوی شاخی هەر کەوان کردووە کە چەندین ڕەمزی لەخۆ گرتووە ، لە کۆتایی شیعرەکە خۆشی باسی ئەم هەڵبەستە دەکات و ئاماژە بەسەردەمی نووسینی و بیرۆکەی شیعرەکە دەکات، و هەروەها یەکە یەکە ڕەمزەکانیش شی دەکاتەوە. لەم شیعرەدا هەستی نەتەوایەتی و خەمخۆریی شاعیر بۆ خاکی کوردستان بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت. هەروەها باوەڕی تەواوی بە دواڕۆژی کورد هەیە و بە هیوای وڵاتی ئازادکراوبوو. هەر چەندە سەرسام لەسەر شێوازی شیعری ڕەمزی دەری ئەبڕی تا دوژمن لێی تێنەگا، بەڵام بە زمانێك کە نەتەوەکەی لێی تێبگات کە شاعیر مەبەستی نەتەوایەتییە و لێکچوواندنێکی زیرەکانەی لێ دروست کردووە.

شاعیر شیعری (هەر کەوان) ی دوو جار بڵاو کردۆتەوە، لە کتێبی شیعری (لە لێواری گەردوون) لە ساڵی (١٩٨٩) بڵاوی کردۆتەوە، پاشان هەندێ گۆڕانکاری لە کۆتایی شیعرەکە کردووە و لە کتێبی شیعری (ئاشتی نامە)، لە ساڵی (١٩٩٦) دووبارە

بڵاو کردەوە هەرخۆشی ڕەمزەکانی شیعری (هەر کەوان)ی یەکەیەکە شیکردۆتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەلای خوێنەر ئاشکرا و ڕوون بێت، شاعیر لە شیعری هەرکەوان دەڵێت:

**((هەرکەوان))**

**لە ئازاری کام گریانا، دروستکراوم**
**بە شیلەی گیان وا چل ساڵم تێک وەرشێلا**
**لە هەورازی، هاوڕازێکما تۆزی غارم**
**هەورە تاڤگەی هەناسەم بوو**
**خەونی ساوام، دەستگیرنەبوو**
**زریان نەبووە لە سێ لابی گەردەلوولم بۆ هەڵچێ**
**واهەست دەکەم، بە فری لووتکە دوورەکانی**
**نێو تەمەنم، لە دەروونی ساردی وشەم لە دایك ئەبێ**
**بیابانی پاش مەرگیشم دادەپۆشێ...**
**بۆ لە خەندەی نێرگزێکی چەم دەترسێ مافی کوردە**
**وڵاتی خەمت داگیربکات**
**یا لەگەڵیا خەم دەقت گرتووە و، هاوتەمەنی**
**تۆش وەکو من، قەرەخەرمانەی فرمێسکەکان گوڵچن ئەکەی**
**ئەی بۆ تارای بووکێنی خۆت لەسەرچاوا فڕێ نادەی**
**هیسی ڕەشی ڕووی ساپیتەی ژوورەکان بوو**
**توووند باوەشی لە ((تەونۆکە))ی**
**خەمەکانت گیرکردبوو، پرێسکەت هەموو دوو مەنجەڵی لێو سپی بوو**
**کە ڕووەو ئاسمان ئەبوونەوە**
**گاڵتەیان بە ئاگر ئەهات**
**بۆیێ لەگەڵ سێ کوچکەدا ئاشنابوون**
**کاتێ کە سەرنخوون ئەکران**
**نهێنییان ئەشاردەوە**

**- - - - - تاد**

(سەرسام،٢٨،١٩٩٦)

سەرسام لە کۆتایی شیعری هەرکەواندا دەڵێت:

**((هەرکەوان: تەختە شاخێکی پان و بەرین بوو**
**بە نزمایی ئەوزوورگەی ئەکەوتە سەرووی**
**دێیەکەمان، لە هاوینا ساواریان لەسەرا**
**هەڵئەخست قۆرت قۆرت و جۆنیشی**
**لێ بوو ساواریان تێدا ئەکوتیەوە.))**

(سەرسام،١٩٩٦، ٣٠)

ئەم هەڵبەستە لە کاتی لەناوبردن و تێکدان و ئەنفالکردنی دێهاتەکان نووسراوە، لە رۆژنامەی پاشکۆی عێراق ژمارە ٤١ی ١٩٨٨/٦/٢٢ بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی شیعرەکە،

سەرسام دەڵێت (( بەشێوەیەکی وام نووسیبوو بە ئاسانی ڕەمزەکانی شی نەکرێنەوە، بەڵام گەر وردبیتەوە باسی گەردەلوولی سێ سنووری دوژمن دەکەم، وەچۆن لە خەندەی نێرگز واتا کورد دەترسێن پاشان چۆن دیوارە هیساوییەکان، واتا دیواری دێهاتەکان بە دووکەڵ رەش بووینە تێکدەدرێ و بەهێمنی دروست دەکرێنەوە.. دەمی گرتم... مەبەستم چیتر مەڵێ تێدەگەن پاشان باسی ئەوە دەکا، ئەگەر ئەم شاکەپکە و گابەردانە باڵیان لێ دەڕسکا یانی ئەگەر کورد بە گەورە و بچووکی بەپێشم دەکەوێ دەزانم چۆن لە ڕووی ڕکا دەوەستم، بەڵام بە تەنیام و هیچم پێ ناکرێ، پاشان باسی نەهاتنی سەفارچی و دێوەرە دەکا کە نەهاتن، نەهاتنیان مانای لەناوچوونی گوندەکانە. هەروەها خەناوکەی خەزالۆکیشیان برد دڵی منیش ژەنگی هێناوە، دەڵێم ئاردەکە ئاوڕشێن کە نەوەك هەناسەی بمانگرێ یانی کوردستان، پاشان باسی جونیلکەی هەرکەوان دەکەم کە مەبەستم ئەو چەند پێشمەرگەیە کە لە چیان.. بەخاوێنی ماونەتەوە.. سووسکەی خەون تێر ئاو بکەن یان جونیلکەی تەك ماڵان واتا شۆڕش جووڵانەوەی کورد گوفەکێ دێ رایبماڵێ، بەڵام هیچیان نەبوو،

پاشان دەڵێم باش بوو کە خۆر لە ئاسمانی شەوا نەبوو یانی پێشمەرگە بەشەو خۆ دەپارێزێ ئەگەر شەو نەبوایە هەر بەیەك جاری لەناو دەچوو، پاشان دەڵێم لە سیرمەگا قەشی سپیا بێژینگە دەنگ مەبەستم ڕەقابەی دەنگ و نووسینە پاشان داوا دەکەم دوژمن ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵێ.. بەڵام بە دوای هێلکە و لەناوچوونی کیسەڵ دەگەڕێ.. کە مەبەستم وەك من چۆن لە مناڵی ستەمم لە کیسەڵ دەکرد ئێستا دوژمن وا لە کورد دەکا...)) (سەرسام،١٩٩٦، ٣٠).

**٢- ڕەمزە ئایینی و داستانییەکان:**

جگە لە کەرەستە سروشتییەکان کە شاعیر بەکاری هێناوە لە شیعرەکانی، لە پاڵ ئەمە ڕەمزە ئایینییەکانیشی بەکارهێناوە، ئەمەش زۆر جار لەبەر ئاڵۆزی و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، یان ئابووری کە ناچار بووە شاعیر ناوەڕۆکی شیعرەکانی بەشێوەی ڕەمز دەرببڕێت، واتە ئەوەی شاعیر هەستی پێدەکات لە ناخ و دڵ و دەروونی و ئەوەی دەیبینێ یان دەیبیستێ ئەوە بەشێوەی شاراوە و تەمومژاوی دەیخاتە ڕوو، واتە بەپێی پێویست ڕەمزە ئایینییەکانیشی بەکارهێناوە، لەو ڕێگەیەوە ئامانج و مەبەستەکانی دەهێنێتە دی و دەیخاتە بەردەم خوێنەرانی، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**بچوومایە، هەموو چاوێ**
**ئەوەی ڕازە...؟**
**خۆی بۆم باوێ**
**کڵاوەکەی، سولەیمانم**
**لەسەربوایە**
**لەگشت شوێنێ بوون و مانم**
**ڕووی هەبوایە**
**تا لە زمانی گشت گیانداران**
**گشت گیاوداران**

**نەگەیشتم**

**ئەبا...... ئەبا مردن نەبا**

(سەرسام،١٩٦٩، ٣)

لێرە شاعیر باسی کڵاوی حەزرەتی سولەیمان دەکات کە لە قورئانی پیرۆز ناوی هاتووە، دیارە ئەم چیرۆکە کاریگەری لەسەر شاعیر دروست کردووە، موڵك و دەسەڵاتەکانی حەزرەتی سولەیمان وەکو ڕەمزی پاکی و چەسپاندنی ئاشتی و ژیانی سەربەستی و بەختیاری بەکارهێناوە، کە لەناو قورئان ناوی حەزرەتی سولەیمان هاتووە کە شای گشت گیانلەبەرانە، واتە شاعیر ئەوە دەخوازی کڵاوی سولەیمانی لەسەر بوایە و هەر نیەتێکی هەبوایە بیهێنایە دی وەك نەهێشتنی گومان، زۆرداری و هێنانە دی گشت ئاواتەکانی نەتەوەکەی، ئەویش ژیانی سەربەستی و خۆشی و شادی و دوور لە چەوسانەوە و گومان و کوشتن کە دەڵێت: ئەبا مردن نەبا

((حەزرەتی سولەیمان لە دەوروبەری (٩٧٠-٩٣٥)) پێش زایین ژیاوە. کوڕی حەزرەتی داوودە، باب و کوڕ هەردووکیان هەم پێغەمبەر بوونە و هەم مەلیك، مەلیکی زۆر بەهێز و توانا و دەسەڵات، (١٧) جار ناوی لە قورئانی پیرۆز هاتووە. بە (١٠) پشت دەچێتەوە سەر یەهودای کوڕی حەزرەتی یەعقوب. ( ))مەولود،٢٠١٢،١٣٧).

پاشان دەڵێت ((موڵك و دەسەڵاتەکانی حەزرەتی سولەیمانی لە نێو ئەنگوستیلەکەیدا بووە، ئەوەیش (ڕەئیسی ئەعزەم) لەسەر نووسراوە، هەر نیەتێکی لەدڵدا بووبێت ئەنگوستیلەکەی لە نێو پەنجەی سووڕاندبا نیەتەکەی دەهاتە دی)) (مەولود، ٢٠١٢، ١٦٥).

وە لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

**چەن حەزئەکەم**

**لەگەڵ خدر**

**خدری زیندوو**

**ئێمە هەردوو**

**دۆستی ژیانی یەکتربایین**

(سەرسام،٦،١٩٦٩)

(خدری زیندوو) وەکو ڕەمز بۆ ژیانی هەمیشەیی زیندوو وە نەمری بەکارهێناوە لەم پارچە شیعرە. (خدری زیندە) کە لە وڵاتی ئێمە بڕوا بە بوونی ئەم پیاوە دەکەن و نەمرە لە تەنگانە بەهانای لێقەوماوانەوە دێ ، شاعیر لەم شیعرە داوا دەکا کە هەردووکیان دۆستی ژیان و یەکتر بان واتە ژیانێکی پڕ ئارامی و نەمری و خۆشی و رزگارکردنی نەتەوە و دژی مردن و ستەمکاری و هەمیشە زیندوومانەوە. لە نموونەیەکی تر شاعیر باسی ئایینی (زەردەشتی) دەکات کە زۆر کاریگەر بوو بەم ئایینە و کورد پەیڕەوی ئەم ئایینەی کردووە، لە شیعرەکانی سەرسامدا ئەم کاریگەریە به زەقی هەستی پێدەکرێت و دەڵێت:

**ئێمە ئێمە لەگەڵ زەردشت**

**بە دیاری نووری بەهەشت**

**لەگەڵ ئازادی و یەکێتی**

**ئەهێنین بۆ کوردایەتی**

**گۆرانی دەمی (نەمرتان)**

**ئەیوت بەهار بۆ کوردستان**

(سەرسام،٢٣،١٩٦٩)

سەرسام (زەردەشت)ی وەکو ڕەمزی کورد بەکارهێناوە، واتە لێرە (زەردەشت) ڕەمزی (کوردە) کە ئایینەکەی لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا کامڵ بوو و ناوچەیەکی جوگرافی فراوانی گرتەوە، بووە بە ئایینی ڕەسمی لە سەردەمی ساسانییەکاندا و هەتا فەتحی ئیسلامی بەردەوام بووە، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم ئایینە، کورد پەیڕەوی کردووە و بۆتە پەیامێکی روحی ئەم نەتەوەیە، شاعیر لە بەیت و دێڕە شیعرەکانی ناوی (زەردەشت)ی هێناوە و تێکەڵ بە شیعرەکەی کردووە، ئەمەش بۆ زیندووکردنەوە و بیرهێنانەوەی ئایینی کوردان، پیرۆزییەکەی دەبێتە هێنانی ئازادی و یەکێتی بۆ کوردستان. لە شیعرێکی تردا شاعیر کاریگەر بووە بە ئەفسانە، کە

هەمیشە بە ڕەمزەوە بەستراوەتەوە و زۆربەی کات بەیەکەوە ناویان دەهێنرێت، چونکە کانگەیەکی دەوڵەمەندی دەلالەتە ڕەمزییەکانە و لە شیعری سیزیف، کە بەندە بە ژیانی پڕ مەرگەسات و نەهامەتی تاقیکردنەوەکانی شاعیر لە چوارچێوەی ژیاندا.

لێرە شاعیر سوودی لە ئەفسانەی یۆنانی وەرگرتووە، شاعیر لە دێڕە شیعرەکانی ناوی (سیزیف)ی هێناوە و لە ئەفسانەکە وا هاتووە کە (سیزیف) دەیەوێ بەردی مەبەستی بباتە سەر لووتکەی چیایەك، بەڵام هەر جارێ دەگاتە سەر لووتکەی چیا لە دەستی گلۆر دەبێتەوە، جارێك دوو جار سێ جار تا دەمری، شاعیر (سیزیف)ی لێرە لە شیعرەکە کردووە بە ڕەمزی کورد و هەوڵەکانێتی بۆ سەرکەوتن.

شاعیر دەڵێت (( من بە چیا و تەلان هەڵدەگەڕێم، واتە بۆ کوردستان دەڕۆم واتا لەجیاتی (بەردەکە) کورد و ئاواتەکەی دەخەمە سەر شان و ملەوە بەرەو لووتکەی مەبەست.)) ئەمەش نیشانەی باوەڕبوونی شاعیرە بە پاشەڕۆژێکی گەشتر و خۆشتر بۆ نەتەوەکەی و وێنەیەکی زۆر جوان و کاریگەر و پڕ مانای بەرهەم هێناوە.

شاعیر لە کۆتایی شیعرەکە ئاماژەی بە ڕەمزەکانی دەکات و یەکەیەکە ڕەمزەکان شی دەکاتەوە و دەڵێت:

**- سیزیفە شەم-**

**!!...**

**!؟........**

**کیژی شەمێ؟؛ لە کانیاو و بەراوی تۆ**

**پایز نییە و دارپرچی خۆی دەڕنێتەوە**

**دڵی شاعیر دەتەزێنێ**

**تریشقە و هۆڕی بە بێ هەور**

**... دڵی ئاسمان دەلەرزێنێ**

**برووسکە..؟! هێڵی ئاسنینە**

**شارە زەنگەسوورەی مردن**

**لەگەڵ خۆیا دێنی و دەبا**
**دووکەڵەکەی سەرخانووتان**
**وەکو جاران شلک و ناوقەد باریک نییە**
**بوو بە دەعبا...**
**هۆهۆ شەمێ....!!**
**بۆ مێخەکی دەوری سوخمەی ئاڵ و سەوزت**
**گریانم دێ ...**
**بۆن و برینگی جامخانەی شارتێکدەشکێنم**
**دە وەرە شەمێ بێری دەگرم**
**بۆنی هەوێز لە بسکان دە ...**
**ببە بە چواروەرزو کژم**
**جێت ناهێڵم ئەگەرهەموو گورگی دونیا**
**بێنە مەڕان بێنە دژم**
**ئەی رووبارە چاوشینەکە**
**وەک ئارەقەی شەرمەزاری**
**وشک بەوە**
**شەمێ رۆژێ هەردێتەوە**
**بێ بە حریتە و بە دەست بازی**
**حەیرانت بۆ بڵێتەوە**
**چۆن چاوانت بەرایی دا بەکرۆک لە لات بخولێتەوە**
**من وەک تۆ نیم ... بە سەرکزی شۆڕببمەوە**
**بە تەلانان هەڵدەگەڕێم.**
**سیزیفە شەم لەسەرشان و مل دائەنێم**
**بەرد ناڵەی بێ لە ژێرپێما**

(سەرسام،٣١،١٩٩٦)

سەرسام رەمزەکانی شیعرەکەی یەکە یەکە شیکردۆتەوە و دەڵێت:

(( (سیزیف): ئەفسانەیێکی کۆنی (ئەغریقە) کە ناوی پیاوێکە کە دەیەوێ بەردی مەبەستی بباتە سەر لووتکەی چیایێك بەڵام هەر جارێ دەگاتە سەر لووتکە لە دەستی گلۆر دەبێتەوە جارێك دوو جار سێ.. تا دەمرێ ناتوانێ بەردەکە لەسەر لووتکەی چیاکە دابنێ... من سیزیف لێرە بەرەمزی کورد و شۆڕشەکانی تەشبیهم کردووە.

شەمێ: مەبەستم ((شەمسەی کونەماسی))یە کە ئافرەتێك بوو خەڵکی کونەماسی بوو کە دەکەوێتە ژێر چیای (بالێس) کە بدایەتی شیعرەکە ناوی هاتووە لە دیوانە شیعرەکەم...، کاتێ لە ساڵی ١٩٨٧ چوومە ئەم دێیە لەگەڵ شاعیر کاك عوسمان ئەم دێیەم دیت هەموویان ئاوارە و دەربەدەر بوون وەك شەمێ... منیش چیرۆکی شەمێم دەزانی شەمسەم کردە رەمزی کورد لەو کاتەدا کە چەند زەحمەتە (شەمێ) بێتەوە و بگەڕێتەوە گوندەکەی... ئینجا باسی دێیەکە دەکەم کە دارەکانی لە بێ ئاوی پرچیان واتا گەڵایان دەوەرێ و پایزیش نییە، تریشق و هۆڕی تۆپ و تفەنگ برووسکەی مردنە... دووکەڵی سەر خانووی شەم وەك جاران لە بۆڕی سۆپا بەباریکی دەرناچێ بووەتە دەعبا خانووەکان دەسووتێنێ و دەخوا، پاشان گریان بۆ جاری جاران و مێخەکی سوخمە و شاعیر داوای راپەڕین دەکا... بەسەر شار کە دەڵێ بۆن و برینگی جامخانەی شار تێکدەشکێنم وە دەڵێ بەس ئەمجارە بگەڕێوە گوندەکە بێری دەگرم، هەموو گورگی دونیا واتا داگیرکەران بێنە مەڕان بێنە دژم جێت ناهێڵم. لە تاوان داوای ئەوە دەکات بۆنی (هەوێز) واتا بۆنی شوێن و مۆڵگای حەیوانەکان لە خۆی بدا.. پاشان بە ڕووبار دەڵێ لەشەرمان وشك بەوە چۆن چاوانت بەرایی دا دوژمن و خۆفرۆشان لەلات بێ و بچن خاوەن دێ کە شەمێیە لەلات نەبێ.

ڕۆژێ شەمێ هەر دێتەوە... حەیرانی کوردی بڵێتەوە کە ئەو کاتە عارەبەکان (عەتابەیان) لەوێ دەوتەوە دەڵێ وەك تۆ بە سەرکزی شۆڕ نابمەوە کە ڕووبارەکان بەرەو بەغدا شۆڕ دەبنەوە.

من بەعەکسی تۆ بە چیا و تەلان هەڵدەگەڕێم واتا بۆ کوردستان دێمەوە بەرەو یاخی بوون دەڕۆم... سیزیفە شەم لەسەر شان و مل دائەنێم.. بەرد ناڵەی بێ لەژێر

پێما... واتا لەجیاتی بەردەکە کورد و ئاواتەکەی دەخەمە سەر شانم بۆ لووتکەی مەبەست.

ئەو کوردەی کە ئەو کاتە بە ئاوات نەگەیشتبوو ، وەخەونەکەش پاش نۆ ساڵ هاتە دی.

ئەم شیعرەم لە ساڵی ١٩٨٧ کە شەڕی لەناوبردنی کورد بوو نووسی و بۆ ئەوەی موعاناتی ئەو کاتەم بۆ مێژوو تۆمار بکەم. )) (سەرسام،١٩٩٦، ٣٣).

**ئەنجام:**

١- لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی لادانی زمانی لە شیعرەکانیدا، سەرسام زمانێکی تایبەت بەخۆی بەرهەمهێناوە.

٢- لابردنی دەنگێک یان زیاتر لە بینای دروستی وشە ، لە دەقە شیعریەکانیدا ، بە مەبەستی سووککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لەسەر زمان بووە .

٣- پاش و پێش کردن بە کەرەستەکانی نێو شیعر دەکرێت بۆ گەیاندنی واتایەکی بەهێز ، لە شیعرەکانی سەرسامدا بەدی دەکرێت بە مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆزی تایبەتی خۆی .

٤- لادان لەسەر ئاستی واتای وشە لە بەرهەمە شیعریەکانی سەرسام بەدی دەکرێت ، ئەمەش توانا و سەلیقەی شاعیر پیشان دەدات.

٥- بەکارهێنانی ڕەمز بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەقە شیعریەکانیدا دەبینرێت، ئەمەش مەبەست و مەغزایەکی تازەی بە شیعرەکان بەخشیوە.

٦- لە داڕشتنی هەڵبەستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی بە شێوەی ڕەمز ، شاعیر سوودی لە کەرەستە سروشتی و ئاینییەکانی وەرگرتووە.

٧- یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە لە شیعرەکانی سەرسام بەدی دەکرێت، دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بیرکردنەوە تایبەتییەکانی و ئەو تاقیکردنەوەی کە لە ژیانی پێی تێپەڕیوە و داڕشتنی بە شێوەی رەمز لە شیعرە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیدا.

## سەرچاوەکان

**- کتێبە کوردییەکان**

١. خۆشناو، هێمن عومەر، ٢٠١٠، شیعریەتی دەق چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢. کاکی، د. حمە نوری عومەر، ٢٠١٢، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست،١٩٢٠-١٩٧٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەروون، سلێمانی.

٣. عەبدوڵلا، ئیدریس، ٢٠١٣، شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٤. مەحمود، د. فاضل مجید، ٢٠٠٧، سروشت لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

٥. مەولود، د. عبدالله خدر، ٢٠١٢، شیعر و وەڵامە شیعری کوردی، بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**- نامە ئەکادیمییەکان**

١. ئەحمەد، کەژاڵ حمد امین، ٢٠١٠، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی فەریدون عەبدول بەرزنجی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٢. تۆفیق، ئاڤان عەلی میرزا، ٢٠٠٨، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.

٣. حەمەد، پەخشان سابیر، ٢٠٠٢، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراق ١٩٧٠-١٩٩١، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

٤. محمد، شەیدا ڕەشید، ٢٠١٦، شێواز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا قۆناغی دوای بزووتنەوەی روانگە، نامەی ماستەر، ئەدەبی کوردی سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**- کتێبە عەرەبییەکان**

١. الولي والعمري، محمد و محمد، ١٩٨٦، بنية اللغة الشعرية، الطبعة الاولى، دار توبقال للنشر. دار البيضاء، المغرب.

٢. ويس، د. احمد محمد، ٢٠٠٩، دراسات مختارة في نظرية الأدب، الطبعة الأولى، دار عيون للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

## الملخص

## انحراف اللغة في قصائد سەرسام

هذا البحث عرض للا نحرافات في لغة شعر عبد الخالق سەرسام وتحليل أعماله الشعرية. الانحراف هو أحد تراكيب اللغة الشعرية ، حيث يتحول كل شاعر إلى طريقة معينة في استخدام اللغة ، والتي تصبح انحرافا لغويا في قصائده. الشعر هو نظام انحراف ولا يوجد شعر بدون انحراف ، ولكن الانحراف يجب أن يكون فنيا، يمكن للقارئ من خلاله أن يرى معاني جديدة. حاول سەرسام الكتابة بلغة مؤثرة وذات مغزى ، وفي كل قصائده انحرافات نحوية ، كل منها معروض بطريقة مختلفة ، مثل حروف التأخير ، والأسبقية ، والقطع ، والفصل ، والطرح. وأنواعها وأغراضها المختلفة وكيف تؤدي إلى الغموض. لقد أدى غموض المعنى إلى إضفاء العمق على قصائد سەرسام ، وكانت الكتابة على شكل رموز سائدة للغاية في أعمال عبدالخالق سەرسام الشعرية بسبب الوضع السياسي والحزبي المعقد في ذلك الوقت.


## ABSTRACT

## Language deviation in Sarsam's poems

The summary of this research is to present deviations in the language of Abdulkhaliq Sarsam's poetry and analyze his poetic works. Deviation is one of the structures of poetic language. Each poet turns to a particular way of using language, which becomes linguistic deviation in his poems. Poetry is a system of deviation and there is no poetry without deviation, but the deviation must be artistic, through which the reader can see new meanings. Sarsam has tried to write in an effective and meaningful language. In all his poems, there are grammatical deviations, each of which is presented in a different way, such as postpositions, precedence, cutting, separation and subtraction. It does with a dgars such as symbols, types, different purposes and how it brings about obscurity. The ambiguity of meaning has given depth to Sarsam's poems and the writing in the form of symbols is very dominant in Abdulkhaliq Sarsam's poetic works due to the complex political and party situation of that time.

**Keywords**: (Language deviation, grammatical deviation, semantic deviation, symbols, miscellaneous poetry)